https://www.doi.org/10.31918/twejer. 21lich.4

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# دەوری ئایدیۆلۆجی لە پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا:

## خوێندنەوەی ڕۆمانی *گابۆڕ* بەپێی چەمکە ڕەخنەییەکانی لویی ئالتوسێر

مەزهەر ئیبراهیمی- سنە

mazharebrahimi@gmail.com

**پوختە**

ئامانجی وتاری بەردەست ئاوڕدانەوەیە لە پرسی زمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزی ئایدیۆلۆجی لە بەسووژەکردنی تاکی کورد لە پەیوەندی لەگەڵ زمانی دایکدا. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆمانی *گابۆڕ* لە نووسینی قادر هیدایەتی، بەگوێرەی چەمکە ڕەخنەییەکانی بیرمەندی ناسراوی فەرەنسی، لویی ئالتوسێر، دەخوێنرێتەوە. ئەنجامی توژینەوەکە ڕوونیدەکاتەوە دەسەڵات بۆ سەرخستنی سیاسەت و ئامانجەکانی لە پێناو پەراوێزخستنی زمانی کوردیدا، سەرەڕای بەکارهێنانی دەزگای سەرکوت، هەوڵیداوە لە ڕێی دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانەوە ئەم پێڤاژۆیە پێش بخات و بە بڵاوکردنەوە و جێخستنی ئایدیۆلۆجیی خۆی تاکەکان بگۆڕێت بۆ سووژەی گوێڕایەڵ و دڵخواز. سەرەکیترین دەزگاکانی هاودەستیی دەوڵەت لەم پەیوەندییەدا بریتین لە خێزان و خوێندنگە. دوو پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانی *گابۆڕ* وەک دوو سووژەی سەربزێوی زمانپارێز، لەبەر ئەوەی ملکەچی ئایدیۆلۆجیی داسەپێنراو نابن، هاوکات لەگەڵ توندوتیژیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەوڵەت، دەکەونە بەر پەلاماری سووژە گوێڕایەڵەکان و سەبارەت بە فێربوون و خوێندنەوەی دەقی کوردی گەلێک ئاستەنگیان دێتە سەر ڕێ. پێویستە بڵێین سووژە دەستەمۆکان ئەگەرچی کەوتوونەتە بەر باندۆری ئایدیۆلۆجیی زاڵ و هەندێکیان بێ ئەوەی هەستی پێبکەن سیاسەتەکانی دەسەڵات دەشۆپێنن، بەڵام ترس و تۆقینیان لە کاردانەوەی توندوتیژانەی دەزگای سەرکوتیش هۆکارێکی تری ئەو شێوە هەڵوێست و هەڵسوکەوتە دژکارانەیەن.

**وشە سەرەکییەکان**: زمانی کوردی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆمانی *گابۆڕ*، ئایدیۆلۆجی، دەزگای سەرکوت و ئایدیۆلۆجیکی دەوڵەت، سووژە.

## ١- پرس و بابەت

گۆڕانکارییە سیاسییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم و سەرهەڵدانی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، هەوڵی سەد ساڵەی لایەنی سەردەست بۆ سڕینەوەی فرەڕەنگی و لە بەرانبەردا بەرەنگاریی گەلانی پەراوێزخراوی لێ کەوتووەتەوە. لەم پەیوەندییەدا زمان وەک بەرچاوترین هێمانی جیاوازی، زۆرترین هەڕەشەی خراوەتەسەر. بۆ نموونە، زمانی کوردی بە توندترین شێوە کراوەتە ئامانجی پاکتاوکاری و پەراوێزخستن. ئەم بارودۆخە هەتا ئێستاش بەردەوامە و منداڵانی کوردی ژێر دەسەڵاتی تورکیا و ئێران هێشتا لە خوێندن بە زمانی دایک بێبەشن.

لە ئێراندا «هەم لە سەردەمی پەهلەوی و هەم لە دەورەی ئێستادا لە خوێندنگاکان بەرگری لە قسەکردنی منداڵان بە زمانی خۆیان کراوە (هەندێ جاریش بۆ ئەم کارە تەمێکراون)، گردبوونەوەی جەماوەری لە پێناو پاراستنی فەرهەنگە پەراوێزخراوەکاندا بە شێوەی شێلگیرانە پەکخراوە و چالاکانی ئەم بوارە قۆڵبەستکراون» (حەسەنپوور، ١٩٩٢ لە کەلان، ٢٠١٨: ١٥). دۆخی ئەدەبی کوردی لە ئێران و تورکیای پاش دامەزرانی دەوڵەت-نەتەوە تا ساڵانی کۆتایی سەدەی ڕابردوو زۆر لێکدەچێت. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، جگە لە ماوەی کورتی سەردەمی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦، ڕەوشەکە باشتر لە تورکیا نەبووە. بۆ نموونە، لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٩ تا ١٩٦٥ دۆزینەوەی کتێبێکی کوردی و تەنانەت نووسراوەیەکی ناسیاسی لە ماڵەکوردێکدا، لانی کەم دوو ساڵ زیندانی بە دواوە بووە (ئەحمەدزادە، ٢٠١٨: ١٦٥، ١٧٤). ئەگەرچی ئێستا بارودۆخ لە هەندێ لایەنەوە تا ڕادەیەک گۆڕاوە و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤاری کوردی لە چەند بازاڕێکدا زۆرتر بووەتەوە و هەروەها بەشی زمان و ئەدەبی کوردی کراوەتەوە، بەڵام هێشتا پرسی گرنگیی خوێندن بە

زمانی دایک لە خوێندنگاکاندا چارەسەرنەبووە و ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر زمانی کوردی لەم پارچەیەدا.

دژایەتیی مافی گەلان و لەوانە مافی زمانی، تەنیا بۆ دەوڵەتەکان ناگەڕێتەوە و مخابن ئەم زەینییەتە وەها لە قووڵایی مێشکی زۆرینەی خەڵکدا جێگیر کراوە، کە نەک هەر تاکی ئاسایی، تەنانەت دەستەبژێر و چالاکانی سیاسی و فەرهەنگی و تەنانەت ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیش لە بەرانبەر هەر چەشنە مافخوازییەکدا دەمارگرژانە هەڵوێست دەگرن و توندئاژۆیانە دوژمنایەتی دەکەن. بۆ نموونە لە دژی ڕێککەوتننامەی پارتەکانی ڕۆژهەڵات لە یەکی جوونی ٢٠١٢ سەبارەت بە مافی چارەیخۆنووسینی گەلان و سیستەمی فیدراڵیزمی نەتەوەیی-جوگرافیایی، زۆربەی ئەوانەی خۆیان وەک ڕووناکبیر و پارێزەری مافی مرۆڤ لەقەڵەمدەدا، بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک دژایەتیی قورس و قایمی خۆیان لەم پێناوەدا دەربڕی و ڕێک هەمان هەڵوێست و کاردانەوەی دەسەڵاتیان پیشاندا. شادی سەدر، وەک پارێزەر و داکۆکیکاری چاونەترس و ڕاستەقینەی مافی مرۆڤ و یەک لەو کەسانەی گەلانی بێمافکراوی نێو سنووری ئێران بە نەتەوە ناو دەبات نەک بە قەوم، لە بەرانبەر ئەو تاقمەدا و لە بەرژەوەندیی ملیۆنان مرۆڤی مافخوراوی جوگرافیای سیاسیی ئێراندا هەڵوێست دەنوێنێت و دەنووسێت:

> هۆی ئەوەی ئیمە ئەمڕۆکە لەگەڵ وەها واقعێکدا بەرەوڕووین، نەک هەر بۆ سیاسەتی سەرکوتکارانەی دەوڵەتە ناوەندییەکانی ئیران دەگەڕێتەوە، بەڵکوو زیاتر ڕەگی لە [تێڕوانین] و کردەوەی یەکەبەیەکەی ئێمەماناندا داکوتاوە؛ چ ئەو کاتەی وەک خەڵکی کووچە و کۆڵان ڕەگەزپەرستیمان بە وتنی "عەرەبی سووسمارخۆر" و "کوردی سەرژێکەر" دەردەخەین و چ ئەو کاتەی وەک ڕووناکبیر، ڕاگەیەندراوی سیاسی دەنووسین و لە ڕاستیدا ناسیۆناڵیزمی

توندئاژۆیانەمان لە پشتەوەی ئەم وشە ئاڵووالاّیەنادا دەشارینەوە (ww.tribun.one).

مەتین (٢٠١٣) لە وڵامی ناسیۆنالیستە ئێرانییەکاندا، کە پەیوەندیی لەمێژینەی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی وڵاتێکی هەڤگرتوو بە ناو ئێران دەکەنە پاساوی ناوهێنانی نەتەوەی کورد بە "قەومی کورد" و بەو هۆیەوە لەگەڵ مافی چارەیخۆنووسینیان دژایەتی دەکەن، دەنووسێت: شێوە و چیەتیی ئەم پەیوەندییانە گەنگەشەی زۆری لەسەر بووە و ئێستاش هەر بەردەوامە. لانی کەم لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا چوارچێوەی سیاسیی ئەم پەیوەندییانە لەسەر بنەمای سەپاندنی توندوتیژانەی پەیوەندییەکی فەرهەنگی-ناسنامەیی ناهاوسەنگدا بووە و تێیدا زمانی فارسی بە کۆڵەکەی فەرهەنگ و ناسنامەی ئێرانی دانراوە و زمانەکانی تر بە "ناوچەیی" و ئاستنزم سەیرکراون.

لەم وتارەدا بە مەبەستی تیشکخستنەسەر بابەتی بەرباس و تاوتوێکردنی ڕەهەندە جیاجیاکانی هاتنەکایەی ئەم بارودۆخە، ڕۆمانی *گابۆڕ* نووسینی قادر هیدایەتی بە گوێرەی چەمکە ڕەخنەییەکانی بیرداڕێژی مەزنی فەرەنسی، لویی ئاڵتوسێر (١٩٩٠-١٩١٨)، دەخوێنرێتەوە و بە سەرنجدان بە چۆنیەتیی مامەڵەی دوو لایەنی سەردەست و بندەست، وێڕای ئاماژەدان بە ڕووی دیار و بەرچاوی هەڵوێست و هەڵسوکەوت و ڕووداوە پەیوەندیدارەکان، هەوڵی دەرخستنی هۆ و هۆکارە هەستپێنەکراو و نادیارەکان دەدرێت.

## ٢-١- ڕۆمانی *گابۆڕ*

ڕۆمانی *گابۆڕ* نووسینی سەید قادر هیدایەتی لە دە بەش  پێکهاتووە و هەڵگری دوو گێڕانەوەی لێکدراوە، کە بە شێوەی هاوتەریب بەرەو پێشەوە دەبرێت. لە گێڕانەوەی سەرەکیدا شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی

کوردستان و ڕەوشی جڤاکی کوردیی ئەم ناوچەیە لە کۆتایی هەشتاکاندا دەخرێتە بەر چاو و لە ئەوەی دیکەشدا وەسفی کوشتارگا و سەیدە سوورەی سەللاخ و سەربڕینی هەر ڕۆژەی گا و مانگاکان دەگێڕدرێتەوە. لە ڕاستیدا ئەمانە هەردووکیان دەپەرژێنەسەر ڕەوشی ژیانی بندەستان و هەوڵی وێناکردنی دەدەن. گێڕانەوەی یەکەم، بیرەوەری و بەسەرهاتەکانی عەبدولموتەلیب و کەریم، دوو مێرمنداڵە کە لە خەونی هەبوونی تۆپێکی تەقەڵی و پێکهێنانی تیم، وەسفی زوڵم و زۆری پازگا و تۆقاندنی خەڵک و بەرەنگاربوونەوەیان بە پێی دنیای منداڵانەیان و گومان لە ناو و ناسنامە و هەوڵی گۆڕینی هەتا هۆشیاریی لەمەڕ زمانی دایکی بە دۆزینەوەی دەقێکی کوردی و هەوڵی کڕینی کتێبی کوردی و خۆڕاهێنان و ڕووداوەکانی خوێندنگە و هتد، دەگرێتەوە.

پاڵەوانە سەرەکییەکانی ڕۆمان، عەبدولموتەلیب و کەریم، وەک دوو تاکی کوردی بێبەش لە ماف، بە تایبەت مافی زمانی، دوای داگیرکردنەوەی شار بە دەستی هێزەکانی دەوڵەت و میلیتاریزەکردنی ناوچە کوردییەکان، هەڕەشە و گوڕەشە و گوشاری دەسەڵات ئەزموون دەکەن. ئەوان نەهامەتییەکانی بندەستی و جووڵانەوەی توندوتیژانەی دەوڵەت، نەک هەر لە لایەن پازگای گەڕەکەکەیانەوە، بەڵکوو لە قوتابخانەشدا دەبینن و بە پێی گۆشەنیگا و دنیای منداڵانەی خۆیان هەوڵی بەرگری و بەرەنگاربوونەوە دەدەن.

دیتنەوەی دەقی نووسراو بە زمانی کوردی و دوایە هەوڵدان بۆ فێربوونی زمانی کوردی و پارە کۆکردنەوە بۆ کڕینی پەرتووکی کوردی بەشێکی بەرچاوی ڕووداوەکان پێکدەهێنن. گێڕانەوە لاوەکییەکەش، لە گۆشەنیگای کەریمەوە کە باوکی قەسابە و ناچار بە بینینی ئەو دیمەنە تۆقێنەرانەیە، بریتییە لە وەسفی کوشتارگا و سەربڕین و خوێن و چەقۆ و بۆڕەبۆڕ و چاوەڕوانیی مەرگ و چەق و لووری سەگە بەرەلاکان. لە

کۆتاییدا هەر دوو گێڕانەوەکە بە سەرهەڵدان و خۆدەربازکردن لە نیری یەخسیری و چەوساندنەوەی دەوڵەت و میرزا هادی (بۆ عەبدولموتەلیب) لە لایەکەوە و سەیدە سووری سەللاخ (بۆ گاکان) لە لایەکی ترەوە کۆتاییدێت.

*گابۆڕ* لە ڕووی شێوازی گێڕانەوە و دەور و گرنگیی کەسایەتییەکانەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بە شێوەیەکی نوێ و داهێنەرانە داڕێژراوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە ڕۆمانی بەرباس دوو سەرلەهەنگی هەیە، کە عەبدولموتەلیب و کەریم-ن و هەردووکیان لە پێشڤەبردنی گێڕانەوەکاندا دەوری سەرەکی دەگێڕن و خاوەن قورسایی خۆیانن. گێڕانەوەی سەرەکی بە شێوەی دووقۆڵی بەڕێوەدەبرێت و لە ئەوی دیکەیاندا، کوشتارگا و کوشتنی گا لە کامێرای چاوی کەریمەوە وەسفدەکرێت. تایبەتمەندییەکی تری ئەوەیە *گابۆڕ* ڤەگێڕەکی تایبەتی نییە و هەموو کەسایەتییە سەرەکی و تەنانەت لاوەکییەکان، هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنیان، لە گۆشەنیگای خۆیانەوە بەسەرهاتەکان دەگێڕنەوە. هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ دوو ڤەگێڕدا بەرەوڕوو دەبین کە یەکیان عەبدلموتەلیبە و خەریکە بیرەوەرییەکانی لەگەڵ کەریم دەگێڕێتەوە. هاوکات کەریمی هاوڕێی، لە گۆشەنیگای سێیەم کەسەوە باسی ئەو ڕووداو و بیرەوەرییە هاوبەشانە دەکات. لە کاتی دیالۆگەکانیشدا کەسایەتییەکانی ڕۆمان هەموویان لە یەک گۆشەنیگاوە قسەدەکەن و وەک ئەوە وایە یەک کەس قسەبکات. لەم کاتانەدا  هەردوو لایەنی ئاخافتن وەک کەسی یەکەم یان سێیەم دەردەکەون و وتەکانیان دەردەبڕن؛ بۆ نموونە،"کوتم ڕۆژێ چەندت دەدەنێ؟""کوتم پێش تمەن".

## ٢-٢- توێژینەوەی پەیوەندیدار

کتێبی *سێبەری زیندوویی نووسین* هەڵگری حەوت وتارە لە سەر ڕۆمانی *گابۆڕ*. بۆ نموونە، سەجادی لە وتارە تێر و تەسەلەکەیدا بە ناوی "سوبژێکتیڤیتە لە نێوان ئیپیفێنی و سنوورەکاندا" دەپەرژێتە سەر وەدیارکەوتنی «ئیپیفێنی» و هەروەها ئاگادارییی سووژەی ئاخێوەر لە حەقیقەتی زمانی کوردی و پاشان ڕەوتی «پێکهاتنی سوبژێکتیڤیتە» لە کەسایەتیی سەرەکیدا و هەروەها «دۆخی خەرمانەیی» زمانی کوردی و واتای سنوور لە ڕۆمانی *گابۆڕ*دا شرۆڤە دەکات و لە کۆتاییشدا هەندێ تایبەتمەندیی سیستمی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە لێکدەداتەوە. نووسەر لە بەشێکی وتارەکەیدا لە پەیوەندیی لەگەڵ زماندا دەنووسێت:

> «لەخۆنامۆیی زماناسانە» وەکوو زاراوەیەکی لاکانی، زیاتر لەو ساتەوەختانەدا ڕوو دەدات کە سووژە لە هەمبەر تەوژمی ڕاستەوخۆی زمانێکی تردا یان شێوەیەکی تری زمان و دەلالەتە نوێکان جێگیر دەکرێت. زمان، نەک هەر لە پێگەی سیستمێکی پێکهاتوو لە دال و نیشانە، بەڵکوو تەنانەت بە جۆری پێکهاتە و ڕواڵەت و شێوەی ڕستەسازیشەوە، کار لە ناسنامەی سووژە دەکات و لە ناخودئاگای سووژەدا جێگەیەک لە بۆ خۆی دەسازێنێ و بەم چەشنە سووژە دەبێتە هەڵگری مۆرکێکی جیاوازی ناسنامە کە دەکرێ بە سوبژێکتیڤیتە ناوبردە بکرێ. سووژە بە هۆی ئەم زمانە تازەیەوە لە خودی خۆی و لەوەی پێشتر پێکیهێناوە نامۆ دەبێ (٢٠١٨: ٢١).

ئەحمەدزادە لە وتاری «ڕۆمان و ڕوانگە»دا تێکنیکە ئەدەبییەکانی «ڕوانگە، دیالۆگ، خوڕاوگەلی بیر، کاراکتێر، ئالیگۆری و گێڕانەوەی هاوتەریب» خستۆتە ژێر «نەشتەرگەریی خوێندنەوە» و هەروەها

پەرژاوەتە سەر هەندێ پرسی گرنگی وەک ناسنامە و زمان و لەم پەیوەندییەدا سەبارەت بە دوو کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە دەنووسێت:

"کەریم و عەبدولموتەلیب نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەیەکن کە لە نێوان دوو ناسنامەی جیاوازدا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە. کەریم و عەبدولموتەلیب لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێستاوە سەرکوت دەکرێن، بەڵام ئەوان پێملیان نابن و بەربەرەکانێیان لەگەڵ دەکەن، ئەنجامی ئەو بەرخۆدان و سەرکوتکردنە دەبێتە میکانیزمی جووڵەی کۆمەڵایەتی و ناسنامەیی دوو هێزی دژبەر" (ل. ١٦٢).

وتارەکانی تری ئەم کۆمەڵەیە بریتین لە: «لۆژیکی مەیل لە کەمپەوە بۆ گیلگەمێش» نووسینی ڕەزا عەلیپوور، «لە گێڕانەوەی بازنەیی *تۆقی عەزازیل*-ەوە تا گێڕانەوەی چریکیی *گابۆڕ*» نووسینی سیاوەش کەریمزادە، «سێبەری زیندووی نووسین» نووسینی عەلی غولامعەلی، «*گابۆڕ* مەیلی بەڕاڤەکردنی مێژوو» نووسینی کاوان محەمەدپوور و «بیست و حەوت گێڕانەوە و بیست و شەش مەسلەخ» نووسینی لەیلاساڵحی.

جیا لەم کۆمەڵە وتارە، چەند نڤیسێکی تر سەبارەت بە گابۆڕ نووسراون، کە لەوانە، مەنتک لە وتاری "گەمەی جێناوەکان لە ڕۆمانیی گابۆڕی سەید قادر هیدایەتیدا" پەرژاوەتە سەر چۆنیەتیی گێڕانەوە و شێوەی نوێی بەکارهێنانی ڤەگێڕەکان (azhans.krd). هەروەها ئەمجەدی بە گوێرەی تیۆریی گێڕانەوەناسیی ڕۆلان بارت ئەم ڕۆمانەی تاوتوێ کردووە (kurdishbookhouse.com). هەر لەم پەیوەندییەدا دەباغی لە وتارێکدا بە ناونیشانی "هەڵوەشاندنەوەی گابۆڕ"، بە پێی چەمکە ڕەخنەییەکانی بیرداڕێژانی قوتابخانەی فڕانکفۆرت، ئەم ڕۆمانەی

خوێندووەتەوە. نووسەر لە ئاکامی وتارەکەیدا، بە جەختکردنەوە لەسەر گرنگیی پرسی زمان لە ڕۆمانی گابۆڕدا و بە سەرنجدان بە دوو گێڕانەوە هاوتەریبەکەی دەنووسێت:

> ئاژەڵێک/ ئینسانێک کە زمانی نییە لە ڕاستیدا بوونی تەمومژاوییە. ئەگەر گوتنەکەی دێریدا بە قەرز وەربگرین کە هیچ شتێک لە دەرەوەی زمان بوونی نییە و وجوودی زمانییە کە وجوودی ڕۆحیی ئینسان لە گەردوونەی هەستیناسانەدا مانا دەکات، ئاخۆ ئینسان/ نەتەوەی بێزمان چۆن بتوانێ باسی ڕەنج و بوونی خۆی بکا؟ ڕەنجێک کە بەردەوام دووپات دەبێتەوە و ویستێک کە بەردەوام سەرکوت دەکرێ (دەباغی، ٢٠١٩).

## ٣- بنەمای تیۆریک

بۆچوون و بەرهەمە ڕەخنەییەکانی مارکس تا ئێستا بوونەتە ژێدەری هزریی کۆمەڵێک تیۆری و بۆچوونی جیاجیا. تا سەرهەڵدانی شەپۆلی نوێی مارکسیزم لەسەر دەستی ئاڵتوسێر، دوو ژێرلقی ناسراوی ئەم قوتابخانە هزرییە، واتە مارکسیزمی ئۆرتودوکس و مارکسیزمی هیگێلی هەوێنی ڕاڤە و لێکدانەوەی ڕەخنەگران و ڕووناکبیرانی چەپخواز بوون. بەڵام ئاڵتوسێر بە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنەوەی بەرهەمەکانی مارکس و هەروەها بە ڕەخنەلێگرتن و بەڕۆژکردنەوەی مارکسیزم بەرەوڕووی ئەو دوو شێوەڕوانینە باوە بووەوە و کەموکووڕییەکانی خستنە بەرچاو. ئەو لە بن باندۆری فێردینان دێ سوسور، زمانناسی ناسراوی سویسی و پەرەپێدەری تیۆریی پێکهاتەخوازیی و هەروەها کلۆد لویی شتراوس، مرۆڤناسی بەناوبانگی فەرەنسی، خۆی لەو ڕێچکە فکرییە باوانەی مارکسیزم ڕزگار کرد و لەسەر هەمان بنیات، دەلاقەیەکی نوێی بەسەر دنیای فەلسەفە و ڕەخنەی فەرهەنگی-ئەدەبیدا کردەوە.

به بۆچوونی سوسور زمانناسی بەشێکە لە زانستێکی بەربڵاوتر بە ناوی نیشانەناسی و لەم ڕوانگەیەوە لە دیاردەی زمان "وەک سیستمی یەکەکان کە گرنگیی هەر کامیان لێکەوتەی پەیوەندیی ئەو یەکەیەیە بە یەکەکانی دیکەوە "(فریتێر، ٢٠١٣: ٤٦) دەکۆڵێتەوە. شتراوس بە گواستنەوەی ئەم بنەما هزرییە بۆ مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی و هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لە توێژینەوەکەی ڤلادیمیر پراپ سەبارەت بە مۆرفۆلۆژیی چیرۆکە ئەفسووناوییەکان، نیشانی دا کە دەکرێت دابونەریت و دیاردە مرۆییەکان و هەموو ئەو شتانەی گرێدراوی فەرهەنگن، بە هەمان شێوەی سوسور تاوتوێ بکرێن (سەچاوەی پێشوو و برتنز، ٢٠٠٣: ٨٦).

بەپێی ئەم ڕوانگەیە، ئاڵتوسێر پێیوایە "ئەگەر مارکسیزم بە باشی بناسین، بۆمان دەردەکەوێ کۆمەڵگە سیستمێکە لە پەیوەندییەکان؛ سیستمێک کە هەر هێمانێکی تەنیا لە پەیوەندیی لەگەڵ هێمانەکانی تردا فام دەکرێن" (لە: مددی، ٢٠١٧: ٤٨). ناوبراو، لەپێناو پێناسەی دروستی کۆمەڵگەی مرۆییدا، بیری مرۆڤخوازانەی خۆبڕیاردەربوونی مرۆڤ و هەروەها ڕەهاخوازیی ئابووری و بەهەندوەرنەگرتنی ڕەهەندەکانی تری جڤاکی دایەبەر ڕەخنە و تیۆرییەکی نوێی هێنایەگۆڕێ کە بە مارکسیزمی پێکهاتەخوازانە ناسراوە؛ ئەگەرچی بۆخۆی بە پێداگرییەوە نکۆڵی لە پێکهاتەخوازبوونی خۆی دەکات (سەرچاوەی پێشوو: ٦٨).

گرنگیی خەباتی ئەم بیرمەندە بۆ ئەو بۆچوونەی دەگەڕێتەوە کە باوەڕی بە سەربەخۆیی ڕێژەیی پاژە پێکهێنەرەکانی سەرخانی کۆمەڵگەیە و جەبرخوازی ڕەهای ژێرخانی ئابووری، بەو چەشنەی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس وێنای دەکات، لەبەرچاوناگرێت. بیرداڕێژی ناوبراو بە پێناسەکردنەوە و ڕێسامەندکردنی «ئایدیۆلۆجی» و هێنانەگۆڕی هەندێ تێگەهی گرنگی وەکوو «دامودەزگای سەرکوت و ئایدیۆلۆجیکی دەوڵەت»، «لێپێچینەوە»، «سەربەخۆیی ڕێژەیی»، «پێڤاژۆی

بەسووژەبوون» «سووژەی گەورە و سووژەگەلی بچووک»، «پێکهاتەی ئاوێنەیی»، «گشتی ئاڵۆز» و هتد، پێگەیەکی بەهێزی لە نێو هزرڤانانی سەدەی بیستەمدا دەستەبەر کردووە. بە وتەی هابزباوم "ئاڵتوسێر لە قووڵایی ناخەوە شۆڕشگێڕێکی کۆڵنەدەری گۆڕەپانی ئایدیۆلۆجییە و لە دژی لاوازی و سستیی سیاسی و هزریی دەوروبەری خۆی ڕادەپەڕێت" (فرێتێر، ٢٠١٣: ١٢).

ئاڵتوسێر بە پەرەدان بە بیرۆکەکانی مارکس و ئەنگلس لەمەڕ ئایدیۆلۆجی، تیۆرییەکی نوێی هێنایە نێو گۆڕەپانی ڕەخنەوە، کە وەک "کاریگەرترین و پڕبایەخترین دیاریی ئەو بۆ لێکۆڵینەوە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان" ناوی لێ دەبرێت (سەرچاوەی پێشوو: ١٠٤). ئایدیۆلۆجی بە گوێرەی لێکدانەوەی ئەو خاوەن دوو ڕەهەندی گرنگە: یەکەم، لە چەندین بیچمی ڕەنگاوڕەنگدا خۆی دەنوێنێت و دووەم، دەربڕی هەڵوێستی چینایەتییە. ناوبراو بە سەرنجدان بەم وتەیەی مارکس کە دەڵێت "ئایدیۆلۆجی مێژووی نییە" و هەروەها بە پێی ڕوانگەی فرۆید کە دەڵێت "ناخودئاگا ئەبەدییە"، ئایدیۆلۆجی لە واتای گشتیدا بە واقعێک نامێژوویی و ئەبەدی و هەرماو دەزانێت، واقعێک کە لە هەموو شوێنێکدا و لە سەرتاسەری مێژووی بیچمبەندیگەلی کۆمەڵایەتیدا ئامادەیە (ئاڵتوسێر، ١٩٧١: ١٠٧-١٠٨).

یەکێک لە لادانە گرنگەکانی ئەم بیرمەندە لە تیۆرییەکەی مارکس، وێڕای پەژراندنی بنەمای ڕوانگەکانی، پێناسەی نوێی ئاستەکانی کۆمەڵگایە. ناوبراو وێڕای پێداگریی لەسەر دیاریکەریی بنەمای ئابووری، پێیوایە "بە پشتبەستن بەم پێوەری کاریگەریی "دوا حاڵەتە"، بێگومان "خانەکانی" سەرەوەش بۆخۆیان هەڵگری پێوەرگەلی کارتێکەریی جیاوازن" و کارتێکەری و "دیاریکەرییەکانیان بە هۆی بنەماکەوە دیاریدەکرێت" (سەرچاوەی پێشوو: ٩١). بە ڕای ئەو، ڕوونبوونەوەی ئەم پرسە و

تێگەیشتن لە چییەتیی سەرخان، تەنیا لە گۆشەنیگای بەرهەمهێنانەوەیەوە دەکرێت و وەک خۆی دەڵێت: "تێزی بنەمایی ئێمە ئەوەیە کە هێنانەگۆڕی ئەم پرسیارانە (و وڵامدانەوەیان) نالوێت، مەگەر لە ڕوانگەی بەرهەمهێنانەوەیەوە" (سەرچاوەی پێشوو: ٩٢). بەم چەشنە، دەپەرژێتەسەر شرۆڤە و ناساندنی دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانی دەوڵەت وەک بەشگەلی پێکهێنەری سەرخانی کۆمەڵگا و بە جیاکردنەوەی دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکان لە دەزگای سەرکوتکەری دەوڵەت، تیۆرییەکی نوێ و جیاواز لە ڕوانگەکانی ئەوکاتی مارکسیزم دێنێتەگۆڕێ.

بەپێی ئەم بۆچوونە دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکان ئەگەرچی هەموویان لە ڕواڵەتدا لە بن چاودێری و لە ژێر ڕکێفی دەوڵەتدا نین و هەندێکیان سەر بە کەرتی تایبەتن، بەڵام لە پێناو هەمان ئامانج و سیاسەتدا و بۆ ڕەوادان و درێژەدان بە دەسەڵاتی چەوسێنەرانە و بارودۆخی نادادپەروەرانە تێدەکۆشن. دەزگا ئایدیۆلۆجیکان لە ڕاستیدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئایدیۆلۆجییەوە سووژەی ملکەچ و دڵخوازی دەسەڵات پەروەردە دەکەن و بەم چەشنە ڕەوشی جێگیر دەپارێزن و بەردەوام بەرهەمیدەهێننەوە. ئەم دەزگایانە بریتین لە: دەزگای ئایینی (کڵێسە و شوێنە ئایینییەکانی تر)؛ دەزگای پەروەردە و فێرکاری؛ دەزگای بنەماڵە و خێزان؛ دەزگای قانوونی؛ دەزگای سیاسی (سیستمی سیاسی و پارتە جیاجیاکان)؛ دەزگای سەندیکایی، دەزگای میدیایی و دەزگای فەرهەنگی (ئەدەبیات، هونەرە جوانەکان، وەرزش و هتد) (ئاڵتوسێر، ١٩٧١: ٩٦).

لە چەمکە گرینگەکانی تری بەرباسی ئاڵتوسێر چەمکی سووژەیە[١]. سووژە لەم گۆشەنیگایەوە بە دوو شێوە پێناسە دەکرێت؛ لە یەکیاندا دەرخەری تێڕوانینی مرۆڤخوازنایە وبەم پێیە سووژە چەشنێک سوبژێکتیڤیتەی ئازاد و ناوەندێک بۆ هەڵسوکەوت و دانەر و بەرپرسیاری کارەکانی خۆیە. لە واتای دووەمدا، کە هەڵگری ڕوانگەی ئاڵتوسێرە،

سووژە تاکێکی بندەستە کە خۆی ڕادەستی دەسەڵاتی باڵادەست دەکات و بەم جۆرە لە هەموو ئازادییەک بێبەشدەکرێت، بێجگە لەوەی تەنیا بۆی هەیە ئازادانە ملکەچیی خۆی هەڵبژێرێت. ئایدیۆلۆجی ناسنامە و شوناسێکی ناڕاست و هەڵبەستراو دەدات بە سووژەکان و بەم پێیە، ئەوان خۆیان وەک مرۆڤی ئازاد دەبینن. لە کاتێکدا، ئەم سووژانە کۆنترۆڵی وتە و ڕوانگە و هەڵسوکەوتیان لە دەستی ئایدیۆلۆجیدایە. بە واتایەکی تر، ئازادن بە پێی یاسا و ڕێساکانی پەرگالی ئایدیۆلۆجی بجووڵێنەوە و لەو ڕێگایەوە خۆیان ناس بکەن و ملکەچبوونی خۆیان بپەژرێنن و بیسەلمێنن. بە وتەی ئالتوسێر، "تاک وەکوو سووژەیەکی ئازاد لێپێچینەوەی لێ دەکرێت هەتا ئازادانە سەر بۆ فەرمانەکانی سووژوی گەورە دانەوێنێت، بەم واتایە کە ئەو (ئازادانە) ملکەچبوون دەپەژرێنێت و هێماکان و کارگەلی پێویست بۆ ملکەچییەکەی «بەتەنیا» تێدەپەڕێنێت" (سەرچاوەی پێشوو: ١٢٣).

پێڤاژۆی لێپێچینەوە کردەیەکی ئایدیۆلۆجیکە و پێکهاتەکەی لە سەرجەم ئایدیۆلۆجییەکاندا هاوبەشە. دەسەڵات بە چێکردنی سووژەی گەورە و تاقانە و بە یارمەتیی لێپێچینەوە تاکەکان گیرۆدە و ملکەچی خۆی دەکات. ملکەچبوونی سووژەی بچووک، پەیوەندیی بە چینی کۆمەڵایەتیی سەردەست و ئایدیۆلۆجیی زاڵی ئەوانەوە هەیە و بە پێی ئەم پێڤاژۆیە، سووژەکان ملکەچیی خۆیان پشتڕاست دەکەنەوە. تاکەکان وەک سووژەگەلی بچووک، هەردەم هەوڵی دەستەبەرکردنی جێگە و پێگەی سووژەی گەورە دەدەن، کەچی هەموو هەوڵێکیان بێئەنجامە و دەستکەوتیان تەنیا خۆبەدەستەوەدان و هاوکاریی چینی سەردەستە لە پێناو دەستەبەربوونی ئامانجەکانی ئەواندا. سووژەکان، لە بن باندۆری دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکاندا، چارەنووسی خۆیان بە چارەنووسێکی سروشتی دەبینن و گریمانەیان ئەوەیە هەموو شتێک هەر بەو چەشنەیە کە دەبێ ببێت. کەوابوو، وەک بەشێک لە سیستەمێ کە لە لایەن دەسەڵاتەوە

ڕێکدەخرێت، بەردەوام چێدەبنەوە و هەموو هێز و وزەیان بەپێی ئەخلاق و ویژدان بۆ گەڕاندنی چەرخی مەکینەی دەسەڵات پێشکەش دەکەن.

لێکەوتەی ئایدیۆلۆجی سووژەی دڵخوازە. سووژەی دڵخواز گوێڕایەڵە و لە بەرانبەر لێپێچینەوەی بەردەوامی ئایدیۆلۆجیدا بەبێ کێشە خۆی بەدەستەوەدەدات. ئەم سووژەگەلە زۆرینەی کۆمەڵگە پێکدەهێنن. لە بەرانبەردا، سووژەگەلی بەرەنگار لە پێڤاژۆی لێپێچینەوەدا خۆبەدەستەوەنادەن و ملکەچی ئایدیۆلۆجیی زاڵ نابن. سووژە بەرەنگار و سەربزێوەکان، بە پێچەوانەی سووژە دڵخوازەکانی ئایدیۆلۆجی بە سانایی ملکەچ نابن و دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵکردنیان ناچاردەبێت دەمامکی دلۆڤانی لە سەر ڕووی فڕێبدات.

**٤- خوێندنەوەی *گابۆڕ* بەپێی بۆچوونی ڕەخنەیی ئاڵتوسێر**

**٤-١- ڕەنگدانەوە و باندۆری ئایدیۆلۆجی**

ئایدیۆلۆجی پێکهێنەری بیر و بۆچوون و ڕوانگەی تاکەکانە لەمەڕ ژیان و پەیوەندیی نێوان چینەکانی کۆمەڵگە. مرۆڤ بە هۆی ئایدیۆلۆجیی زاڵ و هەروەها وردە ئایدیۆلۆجییەکانی ترەوە خۆی و ژینگە و دەوروبەران دەناسێ و بوون و بارودۆخ و دنیای خۆی پێناسە دەکا. بە واتایەکی تر، تاکەکان ئەم دیاردەگەلە بە چەشنێک فام دەکەن کە ئایدیۆلۆجی بۆیان دیاری کردبێت و تێگەیشتنی بەدەر لەو چوارچێوەیە بوونی نییە. لە ڕاستیدا ژێدەری هزری ئەندامانی جڤاک، ئەو ئایدیۆلۆجییانەیە کە بە شێوەی جۆراوجۆر بەسەر زەینیاندا زاڵبووە و جیلبەجیل بەرهەمیدەهێننەوە. بە گشتی، "ئایدیۆلۆجی بریتییە لە ڕەوتی گوتار، وێنە و ئایدیاگەلێک کە لە هەموو کاتێکدا دەورەیان داوین، ئێمە لە نێویاندا لەدایکبووین، گەورە بووین و لە نێویاندا دەژین و تێدەفکرین و دەجووڵێینەوە" (فرێتێر، ٢٠١٣: ١٠٧). دوائامانجی ئایدیۆلۆجی پاراستنی

بەرژەوەندیی کەمینەیەکی خاوەن پارە و هێزە، بەڵام بە سوودوەرگرتن لە وزە و توانستی زۆرینەی بندەستی بێبەش لە ماف.

وەک ڕوونکرایەوە، دەسەڵات بۆ سەرخستنی ئایدیۆلۆجیی خۆی دوو دەزگای هەرە بەهێزی لە بن ڕکێفدایە و بەپێی هەلومەرج کەڵکیان لێ وەردەگرێت؛ هەندێ جاریش پێکەوە بەکاریاندەهێنێ. یەکێک لە پاڵەوانە سەرەکییەکانی گابۆڕ، واتە عەبدولموتەلیب کە خوێندکاری پۆلی دووی ناوەندییە، جارێکیان پارچە کاغەزێک دەدۆزێتەوە کە بەشێکە لە چیرۆکێکی منداڵانە. دەقەکەی بۆ نامۆیە؛ بە پتەپت و پیتبەپیت دەیخوێنێتەوە و وردەرودە چەند وشەیەک ساغدەکاتەوە و بۆی ڕووندەبێتەوە بە زمانەکەی خۆی نووسراوە. زۆری پێ سەیردەبێت و لەوەی کە دەتوانێت کوردی بخوێنێتەوە شاگەشکە دەبێت. بە هەڵاتن دەچێتەوە ماڵ و بۆ دایکی دەخوێنێتەوە، کەچی ئەو ترس دایدەگرێ و پارچە کاغەزەکە دەدڕێنێت. ئەم ڕووداوە بەم شێوەیەی خوارەوە وەسفکراوە:

> دانەوییەوە لاپەڕەکەی هەڵگرتەوە. لاپەڕەکە چرچولۆچ ببوو، جوان دیاربوو شۆرمەزەی تێدا خوراوە. بەڵام کەلیمەکانی هەر دەخوێندرانەوە. کوتم ئەوە چین، ئەو کەلیمە سەیرانە؟ ... بە زمانی فارسی نەبوو. ئەو دەیتوانی بیخوێنتەوە. کوتم پا...ڵە...وان...فس...فس؟؟ ئاااا؟؟! پاڵەوان فسفس چییە؟ ئەو کابرایە پاڵەوان فسفسە! هەتی خۆ دەزانم بیخوێنمەوە... پێی سەیر بوو. هەستێکی سەیری بەرامبەر بەو کەلیمانە هەبوو. ... ئەوە یەکەم جار بوو بە چاو زمانی خۆم دەدی. ئەو تا ئەودەم تەنیا بە گوێ زمانی خۆی بیستبوو. ... بە هەڵاتن ڕۆیشتەوە ژوورێ. لە خۆشیان زمانی نەدەهاتە گۆ. کوتم دایە وەرە شتێکی سەیر! ... دایکی گورێک زمانی خۆی گەست. ... لاپەڕەکەی لێ وەرگرت و لە بەرچاوی خۆی دڕاندی.

کوتم لای کەس دەنگ نەکەی! زمانت نەگەڕێ ها! بەدبەخت دەبین! ...
کوتم باوکت بزانێ خەریکی شتی وای، زمانی هەردووکمان لە بندا
دەردێنێ (هیدایەتی، ٢٠١٩: ٩٥-٩٧).

ئەم دێڕانە سەلمێنەری زاڵێتیی ئایدیۆلۆجیی زمانیی نڤیسکیی دەسەڵاتە لە کۆمەڵگای بەرباسدا. دەوڵەت، وێڕای سەپاندنی زۆرەکیی زمانی فارسی و ڕێگریکردن لە زمانەکانی تر بە بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆجیی خۆی هەوڵی بەرهەمهێنانەوەی ئەو هەلومەرجە دەدات. هەلومەرجێک کە دەوڵەت بە سەرکوت و توندوتیژییەوە دەستیپێدەکات، بەڵام پەرەپێدان و جێگیرکردنی بە هۆی ئایدیۆلۆجییەوە بەڕێوەدەبات. ئایدیۆلۆجی بە شێوەیەک کار لە تاکەکان دەکات و ڕایاندەهێنێت کە ئیدی بۆخۆیان و بەبێ دەستێوەردانی هەستپێکراوی دەوڵەت ئەرکەکانیان تێبپەڕێنن. عەبدولموتەلیب تا کاتی دۆزینەوەی دەقە کوردییەکە تەنیا زمانی فارسی دیوە؛ لە سەر تەختەی پۆل و لە کتێبەکانی خوێندنگە، لە نووسراوەی سەر دووکانەکانی بازاڕ، لە تابلۆکانی سەر شەقام و لە تەلەڤزیۆن. کەوابوو لە زمانی خۆی نامۆیە و ئایدیۆلۆجی لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە زەینیان وەها لێ کردووە وابزانێت زمانەکەی تەنیا بۆ قسەکردن و پەیوەندییە ئاساییەکانی ژیانیەتی و بە کەڵکی نووسین نایێت.

میرزا هادی، کە لە گوتار و وردەئایدیۆلۆجییەکانی دەردۆری بێزارە و خۆی بە سووژەیەکی ئازاد و بڕیاردەر دەزانێت، دەڵێت: "لە تەواوی عومرمدا پێم پیس بووە نانی شێخ و مەلا یان چووزانم نانی بەگێک یان حیزبێک بخۆم. قەتم سەر بۆ هیچ کەسێک خوار نەکردۆتەوە" (ل. ١٧١)؛ یان "دەیکوت خۆ من کەر و مەڕ و بزن نیم وە شوێن خەڵکی بکەوم. نە مەلایەتی، نە شێخایەتی، نە بەگایەتی، نە حیزبایەتی هیچم قبووڵ نییە" (ل. ١٦٩). کەچی لە ڕاستیدا، بێ ئەوەی خۆی ئاگای لێ بێت، لە نێو ئایدیۆلۆجدا و بە پێی ئایدیا باو و زاڵەکان دەهزرێ و دەجووڵێتەوە. واتە،

"له پێکهاتەی ناسنامەی سووژەدا ئەمە ئەویدییە کە پشکی شێری بەرکەوتووە... گوتارە ئایدیۆلۆجیکەکانی ئەویدییە جیاجیاکان بەشی گەورەی ئەو ئاقارە پێکدەهێنن کە بە ناسنامەی سووژە ناوبردە دەکرێ" (سەجادی، ٢٠١٦: ٩٧).

ئەم سووژەیە بە مەبەستی سووککردنی کەسایەتییە کوردەکان، بێماڵوحاڵی و دەربەدەری و برسییەتی و هەژارییان بە لای کوڕەکەیەوە زەقدەکاتەوە و تاوانەکەشی دەخاتە ئەستۆی خۆیان؛ ئینجا لایەنەکەی تری ژیانیان، کە خۆبەختکردنە لە پێناو زمان و ئەدەب و ناسنامەدا، بنپێ دەکات. ئەم هەڵوێستەی لە شوێنێکی تری ڕۆمانەکەدا وەدەرکەوتووە؛ ئەو کاتەی بە توانج و تەشەرەوە بە کوڕەکەی دەڵێت: "کتێبووکەی مەلا ڕەحمانی هەژارم بۆ دەخوێنییەوە؟! بابایەک کە هەر ڕۆژی لە بنەبەردێک بە نانەڕەقەی شوانەوێڵە بەڕێ دەچێ و هەر شەوی لە قوژبنەدیوارێک خۆی دەشارێتەوە. ئێستاش هیچ دەوڵەتێک وەخۆی ناگرێ ... کەس نازانێ ئاخری ئەویش وەک کوڕی شێخەلیسلام لە کوێ دەمرێ و چی بەسەر دێ" (هیدایەتی، ٢٠١٩: ١٧٢). لە تێڕوانینی ئەودا دەوڵەت هەر چۆنێک بێت و هەرچی بکات، خاوەن ڕەوایی و مەشرووعیەتە و تاکەکانیش مەشرووعییەتیان تەنیا لەو پەرگالە خاوەهێز و خوەداننانە وەردەگرن. بە وتەی وێبەر (٢٠٠٥: ٩٤)، دەوڵەت "لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا، مافی ڕەها و ڕەوای بەکارهێنانی توندوتیژی" لە بن دەستدایە. کەوابوو، وەک دەبینین لە سوبژێکتیڤیتەی میرزا هادیدا، بندەستان و بێدەوڵەتان مافی هەبوونی ناسنامەی جیاوازیان نییە و بوونیان بە بوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی باڵادەستەوە گرێ دراوە.

دایکی موتەلیبیش وەک جێبەجێکارێکی ئایدیۆلۆجی لە بەرژەوەندیی چینی باڵادەستدا هەوڵی سەرکوتکردنی هۆشیاریی کوڕەکەی دەدات. ئەو بە دڕاندنی پارچە کاغەزەکە و هەڕەشەی نەدرکاندنی ئەم ڕووداوە،

هەستی دڵسۆزیی خۆی و پاراستنی تاقە کوڕەکەی لە کێشە و گرفت دەدات؛ کەچی لە ڕاستیدا بڕیاردەر و خاوەنویست نییە و ئەوەی دەیکات، ئایدیۆلۆجی لە زەینیدا چاندوویە. لێرەدا ئەوەی وەها لە ئەسمەر دەکات هەڵوێستی دژە دەقی کوردی بنوێنێت، بەشێکی بۆ ترس و تۆقینی لە دەسەڵات دەگەڕێتەوە؛ بەڵام، سەرەڕای ئەم ڕاستییە، پڕوپاگاندای بە تەوژمی دەوروبەریشی وەهایان لێ کردووە هەموو نووسراوەیەک بە زمانی کوردی بە بڤە بزانێت و وەک ئاگرێک لێی بنۆڕێت و نەهێڵێت منداڵەکەی دەستی بۆ بەرێت. ترسێکی دیکەی دایکی موتەلیب لە شووەکەیەتی، کە بێتو بزانێت کوڕەکەی حەزی لە نووسراوەی بە زمانی دایکییە، زمانی هەردووکیان دەبڕێت؛ واتە، زمانی ئاخافتنیشیان لێ دەستێنێتەوە. لە بەرانبەر سیاسەتی پەراوێزخستنی زمانە نافەرمییەکان لە لایەن نەتەوەی سەردەستەوە، بەرگریی نەتەوەی بندەستیش دەبینین، کە نموونەیەکیان لە کۆدێڕی ژێرەوەدا دەرکەوتووە.

> کوتی کڕین و خوێندنەوەی ئەو دوو کتێبە [*تاریک و ڕوون* و *ملوانکەی شین*]، لە ژیانی ئێمەدا سەرەتایەکی نوێ و تازە بوو. کوتی بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانە خوێنێکی دیکە لە دەمارەکانیان گەڕا و بناغەی شتێک بە نێوی نیشتمانپەروەری لە دڵ و مێشکیاندا دامەزرا. کوتی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ئەو هەستە دەگەشاوە و بە خوێندنەوەی شیعرەکانی هێمن هەستی دەروونیان جۆشوخرۆشێکی تایبەتی گرتبوو. ئەوجار ڕوونتر و وردتر دەیانزانی دەبێ چ بکەن و بە دوای چییەوە بن. (لل. ١٢٧-١٢٨)

کەریم و عەبدولموتەلیب، کە دەزانن قەبارەی ڕووپەلی چیرۆکەکەی "پاڵەوان فسفس"، گەورەتر لە هی کتێبە و لە پەڕەی گۆڤار دەچێت، بەرەو لای *سروە* ڕێنوێنی دەکرێن و لە ئەنجامی گەڕانیاندا بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی چیرۆکی بەرباس، ڕێیان دەکەوێتە لای پەرتووکفرۆشێکی

سەر شەقام بە ناوی کاک سولەیمان. ئەوان سەرەتا هەوڵی لەبەرنووسینەوە و دوایە دڕاندن و دزینی دەدەن؛ بەڵام سەرناکەون. بۆ قەرەبووکردنەوەی تاوانەکەیان و سەلماندنی دەستپاکییان و هەروەها کڕینی ئەو کتێبە کوردییانەی کاک سولەیمان پێی دەدان و وردەوردە پارەکەی لێی دەستاندن، دەکەونە خۆیان بۆ کۆکردنەوەی پارە. بۆ ئەم مەبەستە، وێڕای خەرجنەکردنی ئەو بڕە پارە کەمەی ماڵەوە، دەستدەکەن بە فرۆشتنی نهێنیی و مەترسیداری تیری سیمیی تیروکەوان لە نێو خوێندکارانی قوتابخانەکەیاندا؛ لەگەڵ ئەوەش، بە هاوینان بەلالفرۆشی دەکەن. بەم چەشنە چەند کتێبی کوردی، وەک *تاریک و ڕوونی* مامۆستا هێمن و *ملوانکەی شین*-ی مامۆستا شەریف دەکڕن و بە خوێندنەوەیان تا دێت زیاتر ئەوینی زمانی کوردی لە دڵ و دەروونیاندا تەشەنە دەکات.

ئایدیۆلۆجیی زاڵ بە گشتی و، لێرەدا ئایدیۆلۆجیی زمانی بە تایبەتی، خاوەن بەربڵاوترین ڕووبەری چالاکی و زۆرترین دەرفەتی بەسووژەکردنە. نیشانە ڕاکێشەر و خاپێنەرەکانی لە هەموو شوێنێک، لە شەقام و کووچە و بازاڕ و لەو دیوی دەرگای ماڵەکاندا هەیە و هێند بەهێزە خودی بندەستانی زمانبڕاویش دان بە ڕاستی و بەرزی و بەرحەقبوونیدا دەنێن و دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکان و لەوانە خێزان وەک لایەنێکی بەرپرسی بەرهەمهێنانەوەی هەلومەرجی جێگیرکراو، لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی تر دەیگوازنەوە. کەریم و عەبدولموتەلیب، وەک هەموو منداڵانی کورد، لە خوێندن بە زمانی خۆیان بێبەرین و تەنانەت بە بیریشیاندا نایە کە زمانەکەیان، وەکوو زمانی خوێندنیان لە خوێندنگە، بە کەڵکی نووسین و فێرکاری و شیعر و چیرۆک دێت. بەڵام، خوێندنەوەی ئەو پارچە کاغەزە، بەو جۆرەی لە سەرەوە هاتووە، وەک گەڕانی خوێنێکی تازەیە لە دەمارەکانیاندا.

دەوڵەت-نەتەوەی ئێران ئەگەرچی، لەچاو دەسەڵاتی تورکیا، بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بەردەوام و بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی سەرکوتکەر ڕێگری لە ئاخافتنی زمانە نافارسییەکان لە شوێنە نافەرمییەکاندا نەکردووە، بەڵام هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە بە شێوەی جیاجیا و لە ڕێگەی دەزگا و دامەزراوە گرێدراوەکانییەوە تێکۆشاوە زمانی فارسی بەسەر گەلانی تری ناوخۆی ئێراندا بسەپێنێت. لەم ڕۆمانەدا، هەندێ ئایدیای پەیوەست بە زمانی فارسی دەبینرێت کە لە ڕێگەی میدیایەوە لە زەینی سووژەکاندا جێگیرکراوە و لە پراکتیسەکانیاندا دەرکەوتووە؛ بۆ نموونە، تیروپشکی موتەلیب بە زمانی فارسی بۆ وڵامدانەوەی تاقیکارییەکانیان بە "ده بیست سی چهل پنجاه شصت هفتاد هشتاد نود صد، کبرا خانم خبردار دستمال آبی بردار..." (ل. ١٨٤)، یان نووسینی دروشمی لایەنگری یان دژایەتیی دوو تیمی فووتباڵی پرسپۆلیس و ئستقلال لە لایەن قوتابییانەوە (ل. ١٨٥ و ١٨٩).

## ٤-٢- دەوری دەزگای سەرکوت و ئایدیۆلۆجیکی دەوڵەت

دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکان، کە ئەرکی گەشەدان و گەشاندنەوەی ئایدیۆلۆجیی زاڵی داکۆکیکاری بەرژەوەندییەکانی چینی سەردەستیان لە ئەستۆدایە، لە لانکەی یەکەمی مرۆڤ، واتە ماڵ و خێزانەوە بگرە هەتا خوێندنگە و زانکۆ، پەرستگە، دامودەزگای میدیایی، هونەری، وەرزشی، ئەدەبی و تەنانەت ڕێکخراوە مەدەنییەکانی بە ڕواڵەت جیا لە دەوڵەتیش دەگرێتەوە. دەزگای تەواوکەری ئەم دەزگایانەش، هێز و لایەنە سەرکوتکەرەکانن، کە هەمان ئەرک، بەڵام زیاتر بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی چەک و قۆڵبەستکردن تێدەپەڕێنن. هەروەها، دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانیش دەپارێزن و لەو کاتانەیدا کە سووژەکان بە ئایدیۆلۆجی ڕاگیرناکرێن، پێ دەنێنە مەیدانەوە و دۆخەکە هێوردەکەنەوە.

له *گابۆڕدا*، سێبەری قورسی دەزگای سەرکوتی دەوڵەت و توندوتیژیی ڕاستەوخۆ و فیزیکی بە چڕوپڕی بەرچاودەکەوێت و لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا ڕەنگیداوەتەوە (لل. ١٨–٢٠، ٢٥، ٣٦–٤١، ٥٥–٥٨، ٦١–٦٣، ٦٤، ٧٥ و هتد). لەسێدارەدانی خالۆی هەژێر، کوشتنی برا پێشمەرگەکەی کەریم، تەقەکردن و کوشتنی خەڵکی سڤیل، هەڵکوتانەسەر ماڵی خەڵک و ئاستەنگکردنی هاتوچۆ، هەڕەشەی ڕادەستکردنی منداڵان بە ئیتلاعات و حەراسەت لە لایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەوە، زاڵبوونی کەشی ترس و تۆقینی تاکە بندەستەکان لە زیندان و لێپێچینەوە و ئەشکەنجە و سێدارە و کوشتن نموونەی بەرچاوی ئەم کەشە زاڵەن. هەروەها وەسفی کوشتارگا و سەربڕینی گا و گوێلکەکان بە شێوەی دڕندانە ئاماژەیەکی هێماییینە بۆ ئەو بارودۆخە تەژی لە سەرکوت و توندوتیژییە.

قەدەغەکردنی ناوگەلی کوردی بە گشتی و ئەوانەی هەڵگری واتای بەرەنگارین بە تایبەتی، شێوەیەکی دژایەتیی زمان و سەرکوتکردنی هەستی سەرهەڵدانیانە. دەوڵەت ئەم کارە بە یارمەتیی ناوەندی تۆمارکردنی ناو ئەنجامدەدات کە لە دامودەزگاکانی پەرەپێدەری ئایدیۆلۆجیی زاڵە کە هاوکات بانگەشە بۆ ناوە عەرەبییەکان و لەو ڕێگایەشەوە هەوڵ بۆ بەرهەمهێنانەوەی بارودۆخی زاڵ دەدات. لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا کەریم بەم جۆرە باسی گۆڕینی ناوی خۆی دەکات:

> کوتت قەتم ئەوە لە لا باس نەکردووی، منیش بە منداڵی نێوم کەریم نەبووە. ... نێوم خەبات بووە. کوتت ئەها جاری وایە دەنووسم خ. قادری. ئەوە لەبەر ئەوەیە. ... کوتت من برایەکم بوو لە خۆم گەورەتر بوو، نێوی کاک جەماڵ بوو، ئەودەم کە لەدایک بووم، ئەو نێوی نابووم خەبات. کوتت دوای ئەوەی وڵات گیراوە، باوکم و ئەوان لە ترسان نێویان گۆڕیوم و کردوویانەتە کەریم. ... کوتت دوایی کاک جەماڵم کوژرا. کوتت باوکم عەکسێکی کاکە جەماڵی گەورە کردبۆوە

> و به دیواری دیوەکەماندا هەڵیواسیبوو. کوتت وەختێک ئەو پازگایە هاتنە ئەوێ، بابم لە ترسان هێنایە خوارێ و شاردییەوە. (ل. ٧٥)

هەڵبژاردنی ناوی "خەبات" دوو مەبەستی لە پشتە؛ یەک، بانگەشە بۆ ئایدیۆلۆجیی دژبەری دەوڵەت؛ دوو، پاراستنی زمان. بەڵام، وەک دەبینین، کوژرانی برا گەورەکەی، "خەبات"یش لە ژێر سێبەری خەستی تۆقاندندا بزر دەکات. لەم نموونەیەدا دەوڵەت بە پشتبەستن بە دەزگای سەرکوت خواستی خۆی بەسەر چینی بندەستدا دەسەپێنێت و سووژەکانیش نابەدڵانە دەبنە جیبەجێکاری ئایدیۆلۆجیی چینی باڵادەست. دەرکەوتنی هەندێ ناوی وەک عەبدولموتەلیب، کەریم، هادی، ڕەسووڵ، جەماڵ جەعفەر و سولەیمان نیشانەی کاریگەریی دەزگای ئایدیۆلۆجیکی ئاینین. لە بەرانبەردا، ناوی وەک ڕێبوار، ئەسمەر، نازدار، ئارام و ئازاد دەبینرێن کە دەرخەری ئایدیۆلۆجیی لایەنی بەرانبەرە.

دەزگایەکی گرینگ و شوێندانەری دەسەڵات لە دنیای ئەمڕۆدا خوێندنگەیە کە باڵی بەسەر هەموو شار و گوندێکدا کێشاوە و زۆرترین دەرفەتی بۆ گشتگیرکردن و چەسپاندنی ئایدیۆلۆجیی زاڵ لەبەردەستدایە. دەسەڵات لە ڕێی ئەم دەزگا بەربڵاو و بەهێزەوە، هەردەم هەوڵدەدات ئەو بیرۆکەیە لە زەینی سووژەکانیدا جێگیر بکات کە تەنیا زمانی فارسی ئەو پرێستیژەی هەیە لە قوتابخانە و زانکۆکاندا بخوێنرێت. بەم جۆرە ئاخێوەرانی زمانەکانی تر لە زمانی خۆیان دادەبڕدرێن و بە شێوەی نەرمونیان زمانیان دێتە بڕین. وەک لەم کۆدێڕەی ژێرەوەدا دەبینین، نووسراوەی کوردی بۆ ئەو منداڵانە نامۆیە و تا کاتی دۆزینەوەی ئەو پارچە کاغەزە نازانن زمانەکەیان بە کەڵکی نووسین و خوێندن و خوێندنەوە دێت.

> کوتی کەریم تا نیوەشەو وتار و شیعر و چیرۆکەکانی دیکەی *سروەی* پچڕپچڕ و بە لەقەلەق و پتەپت دەخوێندەوە. تا دەهات چاکتر

فێر دەبوو و لێی سەرخۆشتر دەبوو. ... کوتی نووسینەوەی تەکلیفمان دەخستە شەوێ و بە ڕۆژ ئەوەندەی لە ماڵێ دەرفەتیان بوایە، ئەو مەجەللەیان دەست دەدایە و دەڕۆیشتن لە شوێنێک دادەنیشتن و بە نۆرە دەیانخوێندەوە. ... کوتی ئەوەش دەرس و تەکلیفەکانی مەدرەسە نەبوو نەتوانین هیچ هەستێکمان لە بەرامبەریاندا هەبێ. تەواوی شیعر و چیرۆک و وتارەکانمان دوو سێ جار خوێندبۆوە و تەنانەت زۆر جێگاشیمان لەبەر بوو. (لل. ١٢١-١٢٢)

ئەوان کە تا ئەو کاتە زمانەکەی خۆیان تەنیا بە گوێ ناسیبوو، بە دیتنی شیعر و چیرۆک و بابەتی جیاجیا بە زمانی کوردی لە ڕێی گۆڤاری *سروەوە* دەگەشێنەوە و بەرەوڕووی واقعێک دەبنەوە کە تا ئێستا لێیان نادیار بووە. ئەوەی تا ئەو کاتە دیبوویان و لە قوتابخانەدا پێی ڕادەهاتن، دەقی فارسی بوو کە چ هەستێکیان بەرانبەری نەبوو. وەک موتەلیب دەڵێت، "کوتم من زۆر باش دەمخوێندەوە و زۆر باش لێی حاڵی دەبووم. کوتم پاڵەوان فس‌فس وەک دەرسەکانی مەدرەسە نەدەچوو. حەتمەن لە "شوانی درۆزن" و "کەوکەب خانم"یش خۆشتر بووە" (ل. ٩٨).

دەزگای فێرکاری بۆ پێگەیاندنی ئایدیای یەک نەتەوە، یەک زمان، هاوکات لەگەڵ چێکردنی لەمپەر لە بەردەم بەکارهێنانی زمانەکانی تردا، هەوڵدەدات لە ڕێگەی منداڵانەوە ئەم ئایدیۆلۆجییە زمانییە بباتە نێو ماڵەکانیشەوە. بۆ ئەم مەبەستە، زۆر جار و لە زۆر شوێندا، منداڵان، هەر لە دەستپێکی خوێندنیانەوە ناچاردەکرێن بە زمانی فارسی قسەبکەن و ئەوانیش لەبەر نەزانین و بۆ ترسی گاڵتەپێکردن زمانیان دەبەستن و هێندەی دیکە ملکەچی دەسەڵاتی داسەپاو دەبن. نموونەی ئەم ناچارکردنە لە *گوڵی شۆران* نووسینی عەتا نەهاییدا بەم شێوەیە ڕەنگیداوەتە: کاتێ دایکی کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە سەبارەت بە دۆخی قوتابخانە پرسیار لە کوڕەکەی دەکات، لاس لە وەڵامدا حاڵەتی مامۆستاکانی

لەخۆدەگرێت و دەڵێت: "فارسی سخن بگویید!" (فارسی قسە بکەن). لە خوارەوە باندۆری ئەم دەزگایە و هەروەها دەزگای خێزان لە کاردانەوەکانی باوکی موتەلیبیشدا دەبینین:

> ئەسڵەن زۆری ڕق لە کتێب بوو. هیچ کتێبێک جگە لە کتێبی دەرسیی لەماڵی ئێمەدا نەبوو. ئەو هەمووە سەعدی خۆش دەویست و تاریفی گوڵستان و بووستانی دەکرد، تەنانەت ئەوانیشی نەبوو. دەیکوت تۆ عورزەی ئەوەت نییە دەرسەکانی خۆت بخوێنی ئێستا دەچی چوار لاپەڕە دڕاوی مەلا ڕەحمانی هەژار و سەیدی شێخەلیسلامم بۆ دەخوێنییەوە! پففف، مەسەلەن ئەوە خوێندیشتەوە، بە هیوای ببی بە چی؟! گەڵوقمچاغت ئەوەندە خاوێنە کوردایەتیم بۆ بکەی؟! کوڕڕدایەتی! ئای شیرڕڕڕڕڕ! ئەوانەی کردیان حاڵیان زۆر خاوێن بوو! دیتمان، دیتمان، بەڵێ، دیتمان چییان لێهات و چییان بەسەر هات. (ل. ١٧٠)

لە ڕۆمانەکەدا میرزا هادی وەک پیاوێکی زۆر سامدار و ملهوڕ و سکەڕۆ وەسفکراوە کە جگە لە خۆی و "شێخ سەعدی" کەسی تری قبووڵ نییە. ڕەفتاری لەگەڵ هاوژین و کوڕەکەیدا زۆر خراپە و ئەوانیش زۆر لێی دەترسن. هەموو کار و کردەیەکی عەبدولموتلیب لە بن چاودێریی توندی ئەودایە و لار بجووڵێتەوە ڕاستیدەکاتەوە. بۆیە، هەموو کارێکی موتەلیب بە نهێنییە. بۆ نموونە، دوور لە چاوی ئەو، لەگەڵ کەریمدا، کتێبی کوردی دەکڕن و دەیخوێننەوە، بەڵام، وەک ئاماژەی بۆ کرا، میرزا هادی زۆر ڕقی لە کتێبی کوردییە و ئەویش ناوێرێ بیباتەوە ماڵ و کەریم بۆی هەڵدەگرێت. جارێکیان دوو کتێبی کوردی بە ڕۆژنامە دادەپۆشێ و لە نێو کتێبە دەرسییەکانیدا دەیشارێتەوە؛ باوکی ڕاستیی ڕووداوەکەی بۆ دەردەکەوێت و بە تانە و تەشەر و جنێو و شەق و تف بەرەوڕووی دەبێتەوە.

خێزان و ماڵبات، وەکوو بێشکە و قۆناغی دەستپێکی سووژەپەروەری، یەکەم دەزگای چەسپاندن و بەرهەمهێنانەوەی ئایدیۆلۆجیی زاڵە. باوک و دایک، لە پاڵ گەورەکردنی منداڵ و پاراستنی لە نەخۆشی و مەترسییەکانی تر، بە ئایدیۆلۆجییەک گۆچیان دەکەن کە بۆیان دیاریکراوە و دەبێت لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کەمینەیەکی سەردەستی خاوەن هێز و ساماندا بەرهەمبێتەوە. عەبدولموتلیب، کە هەوڵی چێکردنەوەی ناسنامەی خۆی دەدا و دەخوازێت لە ڕێگەی فێربوونی زمانی دایکییەوە بەرپەرچی ئایدیۆلۆجیی زاڵبداتەوە، ماڵبات و بە تایبەت باوک دەبێتە یەکەم لەمپەری. میرزا هادی بۆ ئەم مەبەستە چالاکیی فەرهەنگی بە چالاکیی چەکداری و سیاسییەوە گرێدەدات و بەم پێیە ڕێگری لە زمان و چاند و وێژەی کوردییش دەکات؛ وەک چۆن ئەدەب و فەرهەنگی کوردان، لە لایەن چینی دەسەڵاتداری دەوڵەت-نەتەوەی تازەدامەزراوی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریاوە تەنیا وەک چالاکیی سیاسیی دوژمنکارانە لەبەرچاوگیراون (ئەحمەدزادە، ٢٠١٨: ١٦٣).

## ٤-٣- سووژە و پێڤاژۆی بەسووژەبوون

سووژە، پێناسەی ئەو تاکانەیە کە بوونیان بە بوونی ئایدیۆلۆجییەوە گرێدراوە و خۆیان لە نێو ئەو چوارچێوەیە و بە پێی مەرجە دیاریکراوەکانی دەناسن و لەو ڕێگایەوە جیهانی دەوروبەر و پەیوەندییان بە مرۆڤەکانی ترەوە فام دەکەن. ئەم هەلومەرجە بۆ هەموو تاکێک لەگۆڕێدایە و بە وتەی ئاڵتوسێر مرۆڤ پێش لەدایکبوونیشی سووژەیە؛ بەو واتایە کە ناو و ئاین و زمان و فەرهەنگی بەبێ بڕیاردانی خۆی دیاریکراوە. پاش چاوهەڵێنانی بە دنیاش بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ ژیانێکی سنوورداری لەپێشدیاریکراو ڕادەهێنرێت؛ ڕاهێنانێک کە باوک و دایکیشی پێگەیاندووە و ئەویش لە پێڤاژۆی ژیاندا دەبێت فێری چێکردنی

سووژەی پاش خۆی ببێت. دەسەڵاتی سەردەست لە ڕێگەی دەزگاکانییەوە ئایدیۆلۆجیی زاڵبە هەموو سووچ و قوژبنێکی کۆمەڵگادا بڵاودەکاتەوە. سووژەکان، بە پرانی، وڵامی ئەرێنی بە لێپیچینەوەی دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانی دەوڵەت دەدەنەوە؛ بۆیە لە چاوی دەسەڵاتدا وەک هاووڵاتیی باش ناودێر دەکرێن و ژیانێکی بە ڕواڵەت هێمن و ئازادانەیان پێ دەبەخشرێت. لە بەرانبەردا، هەندێک تاکی دەگمەن هەوڵی بەرگری دەدەن، کە دەسەڵات وەک نەیار و گێرەشێوێن و تێکدەری ئارامی و پێناسەی لەم چەشنە دەیانناسێنێ و هەوڵی دەستەمۆکردن یان لەناوبردنیان دەدات. لەم ڕۆمانەدا و لە پەیوەندیی لەگەڵ پرسی زمانی دایکیدا، هەر دوو جۆر سووژەکە وەبەرچاودەکەون. لێرەدا چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی سووژەیەکی دڵخوازی دەسەڵات ڕەنگیداوەتەوە:

دەیکوت جارێکیان میرزا هادی بە بیانووی ئەوەی کە بۆ کاغەزێک دەگەڕێ، بە گژ دار و بەرددا دەچوو. ... دەیکوت چووە سەر تاقەی کتێب و دەفتەرەکانی مەدرەسەی عەبدولموتەللیب. دەفتەرێکی دەست دایە کە ڕۆژنامەیەک لە بەرگەکەی گیرابوو و بە خەتێکی گەورە نووسرابوو دەفتەری ئینشا. دەیکوت وەختێک کردمەوە، دیتم خۆ دەفتەر نییە و کتێبە! ئەویش چ کتێبێک؟ ئەویش هی کێ؟ کتێبی مەلا ڕەحمانی هەژار! دەیکوت بڕێکی دیکەش نێو کتێبەکان گەڕام. لە نێو بەرگگیراوەکاندا یەکی دیکەشم دیتەوە کە دەفتەری تەڕەماش و تەڕەساز نەبوو، بەڵکوو کتێبی تاریک و ڕوونی هێمن بوو. ... دەیکوت کوتی ئەوە ئەو کەچەکتێبانە چین لە نێو کتێبەکانی مەدرەسەتدا، کوڕە؟ ها؟ ... دەیکوت کوتی بەڵام، بەڵام مارمێلکەتۆپیو فێر بووی بە دزییەوە کەچەکتێبی کوڕی شێخەلیسلام و مەلا ڕەحمانی هەژار دەخوێنییەوە؟! هاااا! بنەگوو! (لل. ١٦٦-١٦٨)

موتەلیب هەندێ جار بە دزییەوە کتێبی کوردی دەباتەوە ماڵ و بۆ ئەوەی پێی نەزانن بە ڕۆژنامە بەرگەکانیان دادەپۆشێت. میرزا هادی بە پشکنینی کتێب و دەفتەرەکانی چاوی پێیان دەکەوێت. لە وتەکانیدا، وەک سووژەیەکی هەڵسازراوی ئایدیۆلۆجیی زاڵ، دوو خاڵ بەرچاون و دەرخەری بیر و زەینی داگیرکراوی ئەون؛ یەک، ناوهێنانی هەژار و هێمن بە مەلا ڕەحمان و کوڕی شێخەلیسلام؛ دوو، ناوبردەکردنی کتێبی کوردی بە کەچەکتێب. ئەو ناوانە، ئەگەرچی باس لە ڕاستیی ژیان و پەیوەندییەکانی ئەو دوو کەسایەتییە دەکەن، بەڵام ئەو بە مەبەستی سووکایەتی بەکاریاندەهێنێت. بەم جۆرە دەیەوێت ناوبانگ و ڕێز و گەورەییان لێ بستێنێتەوە و بیانهێنێتە ئاستی کەسانی ئاسایی. هەروەها وەسفی کتێبی کوردی بە کەچەکتێب و گرنگیدانی هەمیشە و بەردەوامی بە بەرهەمەکانی سەعدی، کە لە کاتی منداڵیدا بە لای باوکییەوە خوێندوونی، نیشاندەری باوەڕی قایمیەتی بە بەرزی، گرنگی و بایەخداربوونی زمان و وێژەی فارسی و بە پێچەوانەشەوە، نزمی و نەشیاوبوونی زمانەکەی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی ئەدەبی. بەراوردی بەردەوامی ئەو بەرهەمە کوردییانە لەگەڵ *بووستان* و *گوڵستان-ی* سەعدی سەلمێنەری جێگیربوونی ئایدیۆلۆجیی زاڵە لە مێشکی ئەودا و ڕۆچوونی ئەو ئایدیاگەلە بە ناخی ناخودئاگایدا.

ئەڵبەت هەندێ گوتە و کاردانەوەی ناوبراو دەریدەخات کە خۆدوورگرتن و ڕقی لە زمان و ئەدەبی کوردی بۆ ترسی لە دەزگای سەرکوت و هەروەها ناهومێدییەتی لە خەباتی کوردایەتی و ئایدیۆلۆجیی لایەنی دژ بە دەوڵەت دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە، لە بەرانبەر تەنگەتاوکردنی خەڵکی گەڕەک بە دەستی چەکدارانی پازگا، "هەموو جارێک چاوی پڕ دەبوو لە ئاو" (ل. ١٩) و بە دوور لە چاوی ئەوان، دەیگوت، "ئای لەو ڕۆژە ڕەشەی تێی کەوتووین! ... کوڕە ئابڕوو و ناموسمان چوو! ... کوڕە هاتنە سەرشۆرکە و حەمامەکانمان، لفکە و کیسە و بەردەپێی

ژنەکانیان بژاردین! ... دەرپێی ژنەکانیشیان پشکنین. ... غیرەت و پیاوەتی و حەیا و نامووس ڕۆیشتن تازە نایانبینینەوە" (ل. ١٩).

ئەم هەڵوێستانەی میرزا هادی دەرخەری ئەو ڕاستییەشن کە ئەگەرچی ئەو لە بەرانبەر سەرکوتی فیزیکیدا هەڵوێست دەنوێنێت، بەڵام هەست بە سەرکوتی ئایدیۆلۆجیک ناکات و تەنانەت دەبێتە پاڵپشت و جێبەجێکاریشی. نەتەوەی باڵادەست، بە گرێدانی زمانی نەتەوەی بندەست بە تەناهیی وڵات و هەروەها بە هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی لەگەڵ پارێزەرانی زمانی دایکیدا و بە سووککردنیان، ئایدیای مەترسیداربوونی زمانە نافارسییەکان لە کۆمەڵگادا جێدەخات. سووژە بەرکەوتووەکانیش لە بن باندۆری دەسەڵاتدا، ئەم بیرۆکەیە بەرهەمدەهێننەوە و دەبنە بەربەستی سەر ڕێی گەشەکردن و گشتگیربوونی زمان و وێژەی خۆیان. دەسەڵاتداران، بە هۆی ئەو هەموو هەل و دەزگا ئایدیۆلۆجیکانەی لە بەر دەستیاندایە، زۆر بە سانایی چاوی کۆمەڵگە لەسەر ڕاستییەکان دادەخەن و ئەوەی لە بەرژەوەندیی خۆیاندایە، بە سەریاندا دەیسەپێنن؛ بە چەشنێک کە، بەبێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ، هەلومەرجی ئامادەی کۆمەڵگە بەرهەمدەهێننەوە.

نزمکردنەوەی پێگەی چالاکانی بەرگریکاری زمان و ئەدەبی کوردی، دەرخەری مێشکی داگیرکراوی میرزا هادی بە هۆی ئایدیۆلۆجیی زاڵەوەیە. ئەو جیا لەوەی ترسی لە کاردانەوەی دەزگای سەرکوتی دەوڵەتی هەیە و هەروەها سەرنەکەوتنی شۆڕشی کوردی بووەتە هۆی ناهومێدی و ڕق و قینی، بێ ئەوەی خۆی بزانێ، وەک سووژەیەکی دەستەمۆکراوی دەستی دەسەڵات، مل بە لێپێچینەوەی دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکان دەدات و کەسایەتییە کوردەکان و بەرهەمەکانیان و بە گشتی زمانی کوردی سووکدەکات، بە بەراورد لەگەڵ کەسایەتی و بەرهەم و زمانی نەتەوەی باڵادەست، بە هیچیان دادەنێت و دەیەوێت

کوڕەکەیشی بە پێی ئەم بیرۆکەیە ڕابهێنێت. بەڵام وەک دەبینین، هەژیر ملکەچ نابێت و بەم جۆرە بە دوای ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیدا دەگەڕێت:

کوتت ڕاست دەکا، چا ئەو نێوانە؛ ئازاد، ڕێبوار، سامان، ئارام. کوتت جا عەبدولمتەللیبیش بوو بە نێو؟! وەڵڵاهی ڕاستیش دەکا منی کورد بۆ دەبێ نێوی عەڕەبیم لەسەر بێ؟ … وەسوەسەیەک کە چەند مانگ لەوە پێش وەهای ختووکە دابوو کە خستبوویە چەرمەسەرییەوە، دیسان وەک کێچ کەوتەوە کەوڵی. کوتی جارێک سجیلەکەم کون کردبوو. کوتی چەندین جار حەولی دابوو لە کلاس ئەو نێوەی لەسەر لابەن. کوتی هیچکام لەو ڕێگایانە نەیانتوانی ئەو نێوە دوور و درێژ و ناخۆشەی لەکۆڵ بکەنەوە. بەڵام ئەمجار گەیشتبوو بە ڕێگاچارەیەکی شیاو و گونجاو. کوتی دەبمە شاعیر و نازناوێک بۆ خۆم هەڵدەبژێرم. (لل. ٧٤، ١٣١)

سەرلەهەنگی ڕۆمان، بە مەبەستی گۆڕینی ناوەکەی خۆی، چەندین ڕێگەچارە تاقی دەکاتەوە و لە هیچیاندا ئاواتەکەی نایێتەدی؛ نە لە ڕووی هەڵدێت بە مامۆستاکانی بڵێت لانی کەم عەبدولەکەی نەڵێن و نە سووتاندن و کونکردن و سڕینەوە و ڕەشکردنەوەی "عەبدولموتەلیب"ی سەر ناسنامەکەی دەبێتە چارەسەر. تەنانەت لەسەر ئەم هەوڵەی خۆی وەبەر شەقی باوکی دەدات و لە کۆتاییشدا دەبێتەوە خاوەن ناسنامەیەکی نوێی بە هەمان ناوەوە. بەم جۆرە دەستهەڵدەگرێت، تا ئەو دەمەی پێشەکیی *تاریک و ڕوون*-ی مامۆستا هێمن دەخوێنێتەوە و تێدەگات ئەویش ناوێکی دوور و درێژی هەبووە، بەڵام توانیویەتی ببێت بە شاعیر و ناوێکی نوێی کوردی و لەزارخۆش بۆ خۆی هەڵبژێرێت و کێشەکەی چارەسەر بکات. بۆیە، ئەویش خۆی لە قەرەی هەڵبەست دەدات و ناسناوی خۆی دەکاتە هەژیر.

دوو ناوی عەبدولموتەلیب و هەژیر، هەڵگری دوو ڕەهەندی لێکدژی ئایدیۆلۆجین؛ یەکێکیان، ئایدیۆلۆجیی زاڵی ئاینی و خاوەن پاڵپشتیی دەوڵەتی و ئەوی دیکەیان، ئایدیۆلۆجیی دژبەر، کە ئەو ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی تێدا دەبینێتەوە. عەبدولموتەلیب ناوێکە باوکی لە بن باندۆری دەزگای ئاینیدا لێی ناوە و پێداگرە لەسەری. کوڕەکەشی وەها فێرکردبوو شانازیی پێوە بکات و تەنانەت ڕێی نەدەدا بە موتەلیب ناوی بەرن، چونکە موتەللیب ناوی خودایە (لل. ٦٨ و ٧٤). هەژیر دواتر بە هۆی ئایدیایەکی جیاواز لەوەی ئایدیۆلۆجیی زاڵ کە دەزگای فێرکاری و خێزان و ئاین بەردەوام بانگەشەیان بۆ کردووە، لە خۆی دەکەوێتە گومانەوە و دەپرسێت، "وەختایەک ئێمە کوردین بۆ نێوی من عەڕەبییە؟" (ل. ٦٩). بۆیە بە گوێرەی لێکدانەوەی منداڵانەی خۆی هەموو هێزێکی لە پێناو پچڕینی زنجیری ئایدیۆلۆجیی زاڵ و گۆڕینی ناسنەمە دادەنێت.

خۆناسینەوە و هۆگریی زمانی دایک هەژیر دەخاتە سەر ڕێگایەک کە بە پێچەوانەی ڕێڕەوی دیاریکراوی ئایدیۆلۆجیی زاڵە؛ بۆیە، وەک سووژەیەکی سەربزێو دەکەوێتە بەر هێرش و هەڕەشەی دەزگا پارێزەرەکانی ئایدیۆلۆجی و سووژە دەستاژۆکانیان. لەماڵەوە باوکی دەبێت بە مێملێ و لە خوێندنگەش "ئاغەی سەرچشمە"ی بەڕێوەبەر هەڕەشەی ڕادەستکردن بە دەزگای سەرکوتی لێ دەکات و بەم جۆرە ئەو و خەباتی هاوڕێی، تاقە دوو ڕێیان لە بەردەمدا دەبێت؛ یان مانەوە و خۆبەدەستەوەدان یان هەڵاتن.

خەبات (کەریم) و هەژیر، دوای تەواوکردنی سێ ساڵ خوێندنی قۆناغی ناوەندی، هەر کام بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجێک بەشداری لە تاقیکردنەوەی وەرگیران لە پەروەردەی مامۆستایاندا دەکەن؛ هەژیر بەو هیوایەوە کە لە زیندانی ماڵەوە ڕزگاربێت و خەبات بۆ ئەوەی ئاواتی دایک و باوکی وەدیبهێنێت کە دوای کوژرانی کوڕە گەورەکەیان

ئارەزوویانە ببێتە مامۆستا و ژیانی هاوبەش پێکبهێنێت. بەڵام ڕووداوەکان بە ئاراستەیەکی تردا دەڕۆن و هەردووکیان بڕیاری چوونەدەرەوە دەدەن. ڕێی بانە دەگرنەبەر و دەیانەوێت دەربازی سنوور ببن. بەڵام کەریم بە بیستنی ئامۆژگاری ئەو لاوەی بۆ پیشاندانی ڕێی تەڤلیبوون بە شۆڕش پێیان ناسێنرابوو، پاشگەزدەبێتەوە؛ کەچی هەژیر پێداگرە و ناکشێتەوە و سەرەڕای گریان و تکا و تێکۆشانی هاوڕێکەی، سواری مینیبووسی بانە دەبێت و دەچێت. بەم جۆرە، لەگەڵ کۆتاییهاتنی ڕۆمانەکە، چیرۆکی چارەنووسی نادیاری پاڵەوانە سەرەکییەکان دەستپێدەکات.

## ٥- ئەنجام

ڕۆمانی *گابۆڕ* چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو لایەنی سەردەست و بندەستی لە پەیوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا دەرخستووە. بەم پێیە، بە پێداگرتن لەسەر پرسی زمانی نووسراوی کوردی، پەرژاوەتە سەر گێڕانەوەی ڕووداوەکانی هەشتاکانی زایینیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ململانێی نێوان دوو ئایدیۆلۆجیی زاڵ و دژبەر. ڕەنگدانەوەی سەرکوتی ڕاستەوخۆ و فیزیکی لەم ڕۆمانەدا بەرچاوە و لە پاڵ ئەوەشدا، دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکان ئەرکی بەسووژەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردییان بەڕێوەبردووە. لە بەرانبەردا، بەرەنگاریی لایەنی دژبەر دەبینین کە هەوڵی بەرپەرچدانەوەی ئایدیۆلۆجیی زاڵ و دامودەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانی خێزان و خوێندنگە و ئاین و هەروەها سووژە هەڵسازراوەکانیان دەداتەوە.

کەشی زاڵی زمانیی لە شوێنکاتی ڕۆمانەکەدا کوردییە و تەنانەت لە خوێندنگەشدا، سەرەڕای ئەوەی زمانی فەرمی فارسییە و بەسەر منداڵە کوردەکاندا سەپاوە، قسەی پێدەکرێت. کەوابوو، دەتوانین بڵێین زمانی سەردەست نەیتوانیوە ببێتە بەشێک لە سوبژێکتیڤیتەی سووژەکان، کە ئەمە بۆ نموونە بە پێچەوانەی کەشی زاڵی زمانی لە باکوور یان هەندێ

شاری تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوانە کرماشانە. ئەوانەش کە دژایەتیی کەسایەتی و بەرهەمە کوردییەکان دەکەن، جیا لەوەی کاریگەریی ئایدیۆلۆجیی زاڵیان بەسەرەوە دیارە و بۆخۆیان بێ ئەوەی هەستی پێبکەن بەرهەمیدەهێننەوە، ترس و تۆقینیان لە دەزگای سەرکوت و هەروەها نائومێدییان لە خەبات لە نواندنی ئەو هەڵوێستانەیاندا دەوری هەیە.

دوو کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە، وەک سووژەگەلی بەرەنگار و دەستەمۆنەکراو بە ناسینی ناسنامە و ڕاستیی ڕەوشی زمانیی خۆیان، بەرپەرچی لێپێچینەوەی دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانی دەوڵەت دەدەنەوە و لە کەشێکی تەژی لە ترس و تۆقاندندا هەوڵی فێربوونی زمانی دایکی و ناسینی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەدەن. بۆیە، وەک سووژەی سەربزێو و بەرهەڵستکاری ئایدیۆلۆجی بەرەوڕووی هێرش و هەڕەشەی دەزگای خێزان و خوێندنگە و هەروەها دەزگای سەرکوت دەبنەوە و لە کۆتاییدا، بە ناچاری، وەک "جوانەگای بن دەست و چەقۆی سەیدە سووری سەللاخ"، هەوڵی هەڵاتن دەدەن و ڕێی چارەنووسی نادیار دەگرنەبەر.

## پەراوێزەکان

١ Subject

دیارە مەبەست لەم وشەیە، کە لە زمانی کوردیدا بە سوبییێکت و سوبژەش دەنووسرێن، واتا ڕێزمانییەکەی نییە و بیرمەندانی بواری فەلسەفە و کۆمەڵناسی واتایەکی بەربڵاوتری لێ بەدەستەوە دەدەن کە لێرەدا ڕوانگەی ئاڵتوسێر لەم بارەوە ڕوونکراوەتەوە.

## سەرچاوەکان

### وتار و پەرتووک:


- احمدزاده، هاشم. از رمان تا ملت. ترجمەی بختیار سجادی. چاپ دوم. سقز: گوتار، ٢٠١٨.

- برتنز، یوهانس ویلم. نظریەی ادبی. ترجمەی فرزان سجودی. تهران: آهنگ دیگر، ٢٠٠٣.

- دەباغی، شەهلا. "هەڵوەشاندنەوەی گابۆڕ". ؟، ٢٠١٩. (pdf)

- سەجادی. «خودی ئایدۆلۆجیک وەک بەڕێوەبەری ناسنامە». گۆڤاری بیر و هزر، س. ١، ژ. ١(خاکەلێوەی ٢٠١٦)، لل. ٩٧-١٠٠.

- فرتر، لوک. لویی آلتوسر. ترجمە امیر احمدی آریان. چاپ دوم. تهران: نشر مرکز، ٢٠١٣.

- کلان، امیر. چە کسی از آموزش چندزبانە می‌هراسد؟ گفت‌وگو با تووە اسکوتناب-کانگاس، جیم کانیز، آجیت موهانتی و استیون بحری در مورد ایران و برخی کشورهای دیگر. ترجمە هیوا ویسی. ؟: ٢٠١٨.

- کۆمەڵێک نووسەر. سێبەری زیندووی نووسین: کۆمەڵێک وتار لەسەر ڕۆمانی گابۆڕ. سەقز: گوتار، ٢٠١٨.

- هیدایەتی، سەید قادر. گابۆڕ. چاپی سێیەم. سەقز: گوتار، ٢٠١٩.

- مددی، مجید. لویی آلتوسر: علم و ایدئولوژی. پژوهش، گزینش و برگردان مجید مددی. تهران: نیلوفر، ٢٠١٧.

- وبر، مارکس. اقتصاد و جامعه. ترجمه عباس منوچهري و همکاران، تهران: سمت، ٢٠٠٥.
- Althusser, Louis. (1971). Lenin and Philosophy and Other Essays. Trans. Ben Brewster. New York: Monthly Review Press.

## ماڵپەڕ

- ئەمجەدی، سامان. چلۆن بوو بە گابۆڕ؟ (شی کردنەوەی ڕۆمانی گابۆڕ بە خوێندنەوەی تیۆری گێڕانەوەناسی ڕۆلان بارت). http://kurdishbookhouse.com/ku/
- صدر، شادی. "دموکراسی با تمام تبعات آن (در نقد مخالفان حق تعیین سرنوشت).
- http://www.tribun.one/teori-menu/teori-demokrati/
- متین، کامران. "ناسیونالیسم ایرانی و حق تعیین سرنوشت ملل". سایت بی‌بی‌سی فارسی (١٤/ ٠٣/ ٢٠١٣) (pdf)
- مەنتک، حەمە. "گەمەی جێناوەکان لە ڕۆمانی گابۆڕی سەید قادر هیدایەتی‌دا". (١٣ حوزەیرانی ٢٠١٩).http://azhans.krd/